# هێمای سەربەخۆیی

ئەحمەد دەشتی



هۆ هەلەبجە شەهیدەکەم
شارە کوردە خەمگینەکەم
تۆ لە یادی هەموومانی
سەربەخۆیی کوردستانی
دوژمنانی پەست وتەرەس
شەهیدیان کردیاران وکەس
بەخەردەل و گازی سارین
خنکادیان شاری شیرین
هەزار هەزار گولیان وەراند
مەرگی گەلی کوردیان باراند
بەڵام گەلێ خەیاڵ خاون
لەپەلاقاژەی مەرگیان ماون
تۆ نەمردووی هەر مایەوە
مەرگی وانیش بڕایەوە
پەیکەری خۆتچاک بڕوانە
چەندە بەرز وچەندە جوانە
گەورەمەردان دێنە سەرت
کڕنوش دەبەن بۆگەوهەرت
سەدان تف و ملیۆن نەفرین
ڕۆژێ دەڕوا بۆ هۆی برین
وێنەی ڕۆلەی خاوەرەکەم
بوو بە هێمای شەهیدەکەم
ئەی هەلەبجەی کوردەواری
هۆ ئاوازی ڕێی ڕزگاری
ئەمڕۆهەمووپەستوتەرەس
وێکرا نەمان هەموو ناکەس
کورستانم وا ئازادە
گیانی شەهیدانم شادە
پەند وەر دەگرین لەم ژیانە
یەک بوونی کورد هەتوانمانە